گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هاوسەرگیری سوڵتانە سەلجوقییەکان لەگەڵ هێزو لایەنە ئیسلامی و نائیسلامییەکان[1]

**نوروز علی کاکە امین**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

nawroz.kakaameen@mhe-krg.org

**پ.د.نیشتمان بشیر محمد**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Missives99@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/١٠

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٩

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**وشە سەرەکیەکان**

Seljuk's Intermarriage, sultan, abbasid, force, women

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.12

## پوختە

سوڵتانەکانی سەلجوقی هاوسەرگیریان وەکو کۆکردنەوە و بەیەکبەستن دەبینی بۆ پێکەوە لکاندن و یەکێتی خێزانی لەناو بنەماڵەی سەلجوقی، زۆرجار بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و باشکردنی پەیوەندی ناو بنەماڵەی سەلجوقی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە،سەرەڕای ئەمەش لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەش هاوسەرگیریان ئەنجامداوە بەتایبەتی دوای جەنگ و ناکۆکی، بۆیە زۆربەی کات ڕێکەوتن لەنێوانیان بە هاوسەرگیریەکی سیاسی کۆتایی هاتووە، بۆیە سوڵتانەکان چەندین هاوسەرگیریان لەناوخۆ لە دەرەوە لەگەڵ هێزە موسڵمان و ناموسڵمانەکان ئەنجامداوە، لەوانەش لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی و غەزنەوی و خوارزم و قەراخانەکان، ولەگەڵ هێزە ناموسڵمانەکانیش وەکو ڕۆم و گورج و ئەرمەن.

1- ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراو (مستل)ە لە نامەی ماستەری قوتابی (نوروز علی کاکە امین) بەناونیشانی (هاوسەرگیری سوڵتانە سەلجوقییەکان لەگەڵ هێزو لایەنە ئیسلامی و نائیسلامییەکان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر هاوسەرگیری سوڵتانەکانی سەلجوقییە لەگەڵ هێزو لایەنە موسڵمان و نا موسڵمانەکانی ناوچەکە، هەروەها هاوسەرگیری سوڵتانەکان لە ناوخۆی بنەماڵەی سەلجوقییەکان، لەلایەکی ترەوە هاوسەرگیریان ئەنجامداوە بۆ مەبەستی گرێدان و پێکەوە بەستن و زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵات و پێگەی بنەماڵەکەیان لە ناوچەکەدا، لەکاتێکدا سەلجوقییەکان لە چەندین لاوە ڕکابەری دەسەڵاتیان دەکرا، هەروەها زۆرجار ئەم هاوسەرگیریانە کۆمەڵایەتی بوونە زۆرجاریش سیاسی بوونە ئەمەش لە پێناو بەرقرابوون و بەدیهێنانی ئاشتی لەنێوانیان، هەروەها بۆ باشترکردنی پەیوەندیان بووە لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە لەکاتێکدا هاوسەرگیری سیاسی ئەنجامدراوە بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەک لەدژی بەرەیەکی نەیاری دیکەیان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

پەردەلادان و خستنەڕوو نیشاندانی لایەنی کۆمەڵایەتی و شارستانی لەسەردەمی سەلجوقییەکان و بەشێک لە ژیانی تایبەتی سوڵتانەکانی سەلجوقی، لێرەوە دەکرێت لە هۆکارەکانی هاوسەرگیری سوڵتانەکان تێبگەین، بەشێوەیەک کە ژیانی تایبەتی سوڵتانەکان زۆرجار جیاوازتر بووە لە خەڵکی ئاسایی و لەوپەڕی خۆشگوزەرانی دابوونە.

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرنگی پێدانی مێژوونووسان بەرادەیەکی زۆر بە لایەنی سیاسی و سەربازی و فەرامۆشکردن وکەمتر گرنگی دانیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی سوڵتانەکانی سەلجوقی بەهۆی داب و نەریت وکۆمەڵگەی ئەوکاتی سەلجوقی و هەروەها بوونی ڕووداوگەلێکی زۆری سیاسی و سەربازی لەو هۆکارانەن وایان کردووە زانیاری پێویستمان لەبەردەست نەبێت سەبارەت بە هاوسەرگیری کردنی سوڵتانەکانی سەلجوقی، ئەمە تارادەیەک بەربەستێک بووە لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەیکەری توێژینەوەکە:

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە پوختە و پێشەکی و سێ بەش و دەرەنجامێک، بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێک دێت کە لەتەوەری یەکەم تیشک خراوەتە سەر ڕەچەڵەک و بنەچەی سەلجوقیەکان و تەوەری دووەم باس لە سیستەمی هاوسەرگیری لای سوڵتانەکانی سەلجوقی کراوە، و بەهەمان شێوە بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێک دێت لە تەوەری یەکەم باس لە هاوسەرگیری سوڵتانەکان دەکات لەناوخۆی بنەماڵەی سەلجوقی، لە تەوەری دووەمدا تیشک خراوەتە سەر هاوسەرگیری سوڵتانەکان لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی، و هەرچی بەشی سێیەم و کۆتاییە لە دوو تەوەر پێک دێت: کەتەوەری یەکەم باس لە هاوسەرگیری سوڵتانەکانی سەلجوقی دەکات لەگەڵ هێزە موسڵمانەکان و لەتەوەری دووەمیشدا باس لە هاوسەرگیری سوڵتانەکان دەکات لەگەڵ هێزە ناموسڵمانەکان لەکۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان خراونەتەروو.

## بەشی یەکەم/ ڕەچەڵەک و بنەچەی سەلجوقیەکان و سیستەمی هاوسەرگیری لای سوڵتانەکانی سەلجوقی

### تەوەری یەکەم/ ڕەچەڵەک و بنەچەی سەلجوقییەکان

سەلجوقییەکان دەدرێنە پاڵ (سەلجوق بن دقاق)[1]ی باپیرەیان (ابن الاثیر، 1997، 5/8؛ الذهبي، 1986، 404/13)؛ هەربۆیە ناونراون بە سەلجوقی (الاصفهانی، 2004، ص282)، لە هۆزە (تورك)ە بە هێزەکانی نیشتەجێی (ماوراء النهر)[2] بوون (الذهبي، 1986، 161/3)، ئەوەی ئەمڕۆ بە تورکستان ناودەبرێت (العمری، 1975، 162/2 ؛ عبدالعظیم، 2001، ص35؛ العسیري، 1996، ص239). بۆخۆیان باوەڕیان وابوو، کە ڕەچەڵەکیان بۆ بنەماڵەی ئەفراسیاب دەگەڕێتەوە (الفردوسی، 1993، 82/1-91). بەهەمان شێوە مێژوونووس (ابن الاثیر) پێی وایە ڕەچەڵەکی ئەو بنەماڵەیە بۆ ئەفراسیاب کوڕی فەشنەج کوڕی ڕۆستەمی، باپیرە گەورەی تورکەکان دەگەڕێتەوە (1997، 147/1). هەروەها (حمدالله المستوفی القزوینی) دەڵێت: "ئەم بنەماڵە (تورك)ە بە چل و چوار پشت(نەوە) بۆ ئەفراسیاب دەگەڕێنەوە هەروەکو دەڵێت: (ان سلجوق مؤسس هذه السلالة الترکیة ینتسب الی أفراسیاب في أربعة وأربعین ظهرا) (1328هـ، ص343).

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە بەشـێکی تر، لە مێژوونووسـان وای دەبینن، کە سـەلجوقییەکان لەنەوەی (توقشور میش) بن (النيشابوری، 1332هـ، ص90؛ بارتولد، 1981، ص97-99 ؛ حاجي خليفه، 1941، 606/3). بـەڵام کۆدەنگن لـەسـەرئـەوەی؛ کـە سـەلجوقییەکـان بنەچەیـان بۆ (تورک)ە غوزەکـان دەگەڕێتەوە و بەشێکن لە هەناوی هۆزی غوزی تورکی(الحسينی، 1985، ص3 ؛ القزوينی، 1328هـ ، ص432 ؛ رایس، 1968، ص ص17-21 ؛ Sumer, 1972, s61؛ حسـنين، 1959، ص16). لێرەدا بیروڕایەکی جیاواز دەبینین بەتەنها مێژوونوس الدواداری ڕەچەڵەکیان بۆ سامانییەکان دەگەڕێنێتەوە (1972، 21/7)، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەم مێژوونووسـە لەوەدا بەهەڵەداچووەو نەی پێکاوە، بەڵکو گەڕانەوەی بنەچەیان بۆ تورک بەڕاستر دەزانین.

لەلایەکی ترەوە دەبینین غوزەکان شـوانکارەی تورک بوون، هەروەها گەورەترین هۆزی (تورك)ن، (الجرديزي، 2006، ص ص544- 598 ؛ القلقشـندی، 1980، ص25)، کە سـەلجوقییەکان لەوانەوە دروسـتبوون خاوەنی، لەلایەکی ترەوە کتێبی (أخبار الدولة السـلجوقية)ە، پشـتگیری ئەو بۆ چوونە دەکات، کە سـەلجوقییەکان (تورك)ن و بنەچەیان بۆ غوزەکان دەگەڕێتەوە (الحسـينی، 1985، ص2-3)، مێژوونووس (تامارا تالبوت رایس) بەهەمان شـێوە دەڵێت: سـەلجوقییەکان بەشـێکن لە لقەکانی هۆزی غوزی تورکی (1968، ص9).

## تەوەری دووەم/ سیستەمی هاوسەرگیری سوڵتانە سەلجوقییەکان:

بەلەبەرچاوگرتنی ژیانی هۆزایەتی سـەلجوقییەکان و بەحوکمی ژیانی بەداوەتیان، سـوڵتانەکانی سـەلجوقی هاوسـەرگیریان لەگەڵ ئافرەتی تورکی کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ کچی پاشـایان و میرانی دەوروبەری خۆیان، سـوڵتان طغرلبک یەکێک بوو لەو کەسـانەی کەوێنای ئەم سـیسـتەمەی نەخشـاند، هەروەها ئەو سـوڵتانانەی کەلەدوای ئەو هاتن بەهەمان ڕێگای هاوسـەرگیری ڕۆیشـتن، تەنانەت میرەکانی سەلجوقی چاولێکەریان هەبوو بۆ ئەم سیستەمە (أبو النصر، 2001، ص ص348-356).

ئاهەنگی هاوسـەرگیری و بووک گواسـتنەوە لەو پرۆسـەو بۆنە و مەراسـیمە کۆمەڵایەتیانەی کەلە چوارچێوەی ماڵباتی سـەلجوقی هەبووە، بەمەبەسـتی پتەوکردنی زیاتری پەیوەندیەکان و پاراسـتنی گیانی پێکەوەیی لەنێوان ئەو خێزانەدا، لەم نێوەندەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کۆمەڵێک هاوسەرگیری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتۆتە کایەوە لەنێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە و ئەو هێز و لایەنانەی کە هاوشانی ئەوان لەناوچەکەدا بوونیان هەبووە و لەمیانیدا ئاهەنگ و سفرە و خوان و مەراسیمی گەورەی بۆ ڕێکخراوە. لەسەرەتادا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئافرەت لەکۆمەڵگەی تورکی ماف و سەربەستی تەواوی هەبووە، تەنانەت سوڵتانەکان ڕێزیان لە خێزان و کچەکانیان ناوە (ابن بطوطة، د.ت، 208/1)، ئافرەت لەو سەردەمە نازناوی (خاتوون)ی[3] وەردەگرت (ابن الجوزی، 1412هـ، 289/16 ؛ الصفدی، 2000، 282/24)، هەروەها خێزانەکانی سوڵتانەکان نازناوی (ملكة) (ابن الجوزی، 1412هـ، 16/3)و (ملكة نساء العالم)یان پێدەدرا (ابن الموصلايا، 2003، ص434)، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نازناوی سوڵتانەکان بوو (عقلة، 2007، ص794)، بەڵام لێرەدا بیروڕایەکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، ئەویش (تامارا تالبوت رایس) باس لەوە دەکات کە دوای ئەوەی سەلجوقییەکان موسڵمان بوون، لەسەر ئافرەتەکان پێویست بوو خۆیان داپۆشن و نقاب ببەستن، لەپشت دەرگاوە دەبوو قسە لەگەڵ پیاوان بکەن و پەراوێز خرابوون (1968، ص110).

سەرەڕای ئەم بیروڕایانە ئافرەتی سەلجوقی بەشداریەکی کارای هەبووە لە کۆمەڵگەدا، لەهەموو گۆڕەپانەکانی سیاسی و سەربازی و کۆمەلایەتی وتەنانەت زانستی وئاوەدانی بەشداری کردووە، چاکەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سوڵتانەکانی سەلجوقی، کە بواریان بۆ ئافرەت ڕەخساندووە بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی قوتابخانەکان بکەن (ابن تغری بردی، 1992، 184/8)، ئەم ڕۆڵگێڕانەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی سەلجوقی دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و پێگەی جوگرافی ناوچەکە.

لە زۆربەی هاوسەرگیری کردنی سوڵتانەکانی سەلجوقی بەخۆیان ئامادەی خوازبێنی کردن نەدەبوون، بەڵکو وەزیرو میرەکان ئەم کارەیان ئەنجام دەدا، نظام الملك ببووە نوێنەری سوڵتان طغرلبک و سوڵتان ألب أرسلان (الحسینی، 1985، ص22)، لەلایەکی ترەوە لە کاتی پێدانی کچەکانی سەلجوقی بە خەلیفەکانی عەباسی، خەلیفە نەدەچوو بوکەکە بهێنێت، بەڵکو لەسەر سوڵتان پێویست بوو کچەکە بنێرێت بۆ بەغدا، کاتێک خەلیفە قائم بأمرالله أرسلان خاتوونی هێنا، یەک لە مامەکانی سوڵتان طغرلبک کچەکەی هێنا بۆ خەلیفە (ابن كثير، 2003، 67/12).

داب و نەریت وابوو کەلەکاتی هاوسەرگیری خەلیفەکانی عەبباسی لەگەڵ کچی سەلجوقییەکان، سوڵتانی سەلجوقی دانیشتنێکی گشتی ئەنجام دەدا و وەزیری سەلجوقی و زۆر لەکەسایەتییەکان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیاوانی دەوڵەت ئامادەی دەبوون،دوای ئەمە سـوڵتان نازناوی پێدەدرا لەلایەن خەلیفەوە (ابن الاثیر، 1997، 327/8).

یەک لە سیستەمەکانی دیکە هاوسەرگیری ئەوەبوو لە (دار السلطنة) لە شاری مرو [4] یان الری[5] یان أصـفهان مارەکردنەکە بەڕێوەدەچوو، ئەمەش بە ئامادەبوونی سـوڵتان (ابن الجوزی، 1412هـ، 273/16 ؛ ابن الاثیر، 1997، 71/8).

## بەشـی دووەم/ هـاوسـەرگیری سـوڵتـانەکـان لەنـاوخۆی بنەمـاڵەکە و لەگەڵ عەبباسیەکان

### تەوەری یەکەم/ هاوسەرگیری سوڵتانەکان لە ناوخۆی بنەماڵەی سەلجوقی

هەرچی تایبەتە بە هاوسـەری سـوڵتانەکان دەبینین زانیاری لەسـەرچاوە مێژوویەکان دەربارەی هاوسـەری سـەلجوق کوڕی دقاق نییە، واتا لەسـەرچاوەکاندا زانیاریمان دەست ناکەوێت کە ئایا کێ هاوسەری بووە یان چەند هاوسەری هەبووە، بەڵام سوڵتان طغرلبک هاوسەرگیری ئەنجامداوە لەگەڵ خاتوون بزنجان (ابن الاثیر، 1997، 170/8)، خێزانی سـوڵتـان خاوەن ڕاو تەکبیر بوو، تەنانەت سوڵتانیش گوێی بۆ قسەکانی گرتووەو پرسی پێکردووە، چەندین سەربازی لەبەردەست بوو، زۆرجار سوڵتان هانای بۆ بردووە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەڕووی سەربازیەوە لەدژی دوژمنەکانی (ابن تغری بردی، د.ت، 66/5).

هەروەها سـوڵتان هاوسـەرگیری لەگەڵ تربخان خاتونی تورکی ئەنجامدا، کە یاوەری سـوڵتان بوو لەکاتی بانگهێشـتکردنی لەلایەن خەلیفەوە بۆبەغدا لە (447ک/1055ز) (البنداری، 1987، ص12 ؛ قری، 2008، ص292)، بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی سیاسی و سەربازی و ئەو دەسـەڵاتە زۆرەی هەیبوو واپێدەچێت ئەو هاوسـەرەی یەکێك لە کچە مامەکانی بوبێت، یاخود لە ناوهەناوی هۆزە تورکە غوزیەکان بووە، لەگەڵ ئەمانەشـدا زۆرجار نوێنەرایەتی سـوڵتانی کردووە لە ولایەتەکان و هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت گوێڕایەڵی بوون (ابن الجوزی، 1412هـ، 30/16).

هەر لەم چوارچێوەیەدا سوڵتانەکانی سەلجوقی هاوسەرگیریان وەکو کۆکردنەوەو لێك نزیکبوونەوەو یەکێتی خێزانی دەبینی (قری، 2008، ص293)، کـاتێـک جغری بـک برای سـوڵتـان طغرلبـک لە (451ک/1060ز) کۆچی دوایی کرد، سـوڵتان داوای هاوسـەرگیری لە یەکێک لە براژنەکانی کرد ناوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دایکی سلێمان بوو (ابن الاثیر،1997، 8/ 88 ؛ الراوندی،0 196، ص183)، هۆکاری ئەم خوازبێنیکردنەی سولْتان بۆ ئەم ئافرەتە نازانین لەکاتێکدا جغری بک هاوسەری دیکەی زۆر بوو، لەوانەیە لەبەر سلێمانی کوڕی بووبێت بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری سولْتاندا بمێنێتەوە، چونکە سلێمان منداڵ بوو لەکاتی مردنی باوکی و دایکیشی زۆر گەنج بوو (الروندی، 196، ص185 ؛ الحسینی، 1985، ص53)، وێڕای ئەمە دەتوانین هۆکاری سەرەکی هاوسەرگیری کردنی سولْتان لەگەڵ ناوبراو بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە یەکێک بووە لە ئافرەتەکانی بنەماڵەی تورک، ئەمەش لە پێناو پاراستنی یەکڕیزی لەناوبنەماڵەی سەلجوقی. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە سولْتان گرنگیەکی زۆری بە سلێمان و دایکی داوەو کردوویەتی بە جێنشین لەدوای خۆی، ئەمەش لەبەرئەوەی نەسەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەلجوقی (البنداری، 1987، ص30 ؛ ابن الاثیر، 1997، 10/8)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگە ئەم بیروبۆچوونە تاڕادەیەک لاواز بێت هۆکاری دانانی سلێمان بە جێنشین بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دایکی سلێمان گەنج بووە و کاریگەری زۆری لەسەر سولْتان هەبووە، لەکاتێکدا سولْتان طغرلبک بەتەمەن بووە.

سولْتان ألب أرسلان لەلای خۆیەوە بەهەمان ڕێگای سولْتانەکانی پێشخۆیدا ڕۆیشت و یەکڕیزی ناو ماڵی سەلجوقی پاراست، چەندین هاوسەرگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجامدا بەمەبەستی بەهێزکردنی بنەماڵەکەی، لە (459ک/1067ز) دوای ئەوەی لەشەڕێکدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەسەر پاشای کرمان قرا أرسلان، سولْتان بەپێی پەیمانێك لە نێوان هەردولادا بڕیاریدا کچەکانی قرا أرسلان بەشوو بدات و خەرجی بارگەی بووک لە ئەستۆ بگرێت و جلوبەرگ و پارەیان بۆ دابین بکات (الحسینی، 1985، ص99)، بەمەرجێک هاوسەرگیریەکانیان هەر لەناو بنەماڵەی سەلجوقی ئەنجامبدرێت و نەدرێنە کەسانی بێگانە (قری،2008، ص294)، ئەم پەیمانەی ألب أرسلان لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی ناو بنەماڵەو هۆزەکەی بوو، هەروەها بەمەبەستی پتەوکردنی یەکڕیزی ناو سەلجوقییەکان بووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، سولْتان کاتێک لەسەرەمەرگدا بوو، داوای لە (قاورد بک)ی مامی کرد کە دوای مردنی ألب أرسلان ژنەکەی بخوازێتەوە (ابن الاثیر، 1997، 351/8)، دەبینین سولْتانەکانی سەلجوقی پێیان شتێکی عەیب نەبووە کەلە دوای مردنیان ژنەکانیان بدەنە براو کەسوکاریان ئەمەش هەر لەپێناو پاراستنی یەکڕیزی بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی تایبەتە بە ژیانی خێزانی سوڵتان ملکشاە یەکێك لەهاوسەرەکانی ناوی ترکان خاتوون[6] بووە، یەکەم خێزانی سوڵتان بوو (ابن الاثیر، 1997، 315/8)، کوڕێکی لەو هاوسەرەی لەدایکبوو ناوینا محمود (ابن الاثیر، 1997، 316/8)، نازناوی خاتون الجلالیة بوو ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سوڵتان، تەنانەت کاتێك هاوسەرەکەی مرد هەواڵی مردنەکەی شاردەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات محمودی کوڕی بکات بە سوڵتان و بەیعەتی بۆ وەربگرێت (ابن الاثیر، 1997، 8/ 356).

لەلایەکی ترەوە سوڵتان ملکشاە کاتێک جێنشینی باوکی بوو هاوسەرگیری لەگەڵ کچی مامی بەناوی زبیدة خاتون کچی یاقوتی کوڕی داود ئەنجامدا (ابن الاثیر، 1997، 332/8). زبیدة خاتون لە ناکۆکی بەردەوام دا بوو لەگەڵ ترکان خاتوونی کچی طمغاجی تورکی خێزانی سوڵتان ملکشاە[7] (الراوندی، 1960، ص207). هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بوو تاوەکو زبیدة خاتوون جێنشین بۆ کوڕەکەی بەناوی برکیارق وەربگرێت لەکاتێکدا کە ترکان خاتونیش بەهەمان شێوە هەوڵی دەدا کە جێنشین بۆ محمودی کوڕی بەدەست بهێنێت (الحسینی، 1985، ص74-75 ؛ البنداری، 1987، ص81). بۆ ئەم مەبەستە زبیدة خاتون داوای یارمەتی لە براکەی کرد بەناوی اسماعیل، بەڵام هەوڵەکەی زبیدة خاتوون بێهوودە بوو، چونکە خەلیفە المقتدی بأمر الله (467-487ک/1057-1094ز)، محمود کوڕی ترکان خاتوونی کرد بە سوڵتان سەرەڕای بچووکی تەمەنی محمود (ابن الجوزی، 1412هـ، 164/16 ؛ ابن الاثیر، 1997، 360/8).

پاش ئەوەی لە (511ک/1117ز) لەشەڕێکدا سوڵتان محمود و سوڵتان سنجر بەیەک گەیشتن، سوڵتان محمود شکستی هێنا (الحسینی، 1985، ص178)، لێرەدا سەرەڕای سەرکەوتنی سوڵتان سنجر، بەڵام داوای ئاشتی و باشکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولای کرد، بۆیە ڕێکەوتنەکە بە هاوسەرگیریەکی سیاسی لە نێوانیان کۆتایی هات، بەشێوەیەک سوڵتان محمود کچی سوڵتان سنجر بخوازێت، کە ناوی مهملک خاتوون[8] بوو، بەم هاوسەرگیریە ناخۆشیەکانی نێوانیان کۆتایی پێهات و شەڕ بەلاوەنراو خۆشی و ئاشتەوایی نێوانیان هاتە کایەوە (الراوندی، 1960، ص301). بەڵام لەوکاتەدا مهملکخاتوون کۆچی دوایی کرد، بۆیە سوڵتان سنجر نەیهێشت پەیوەندیەکە تێکبچێتەوە، هەستا بەوەی کچەکەی دیکەی بەناوی ستی خاتوون دایە محمود (البنداری، 1987، ص142 ؛ أبو یوسف، د.ت، ص126).

هەرچی تایبەتە بە سوڵتان برکیارق ئەوا زانیاری پێویست لە سەرچاوەکان بەدی ناکرێت سەبارەت بە هاوسەرگیری سولتانی ناوبراو، بەتەنها مێژوونووس ابن الجوزی ناوی زبیدة دەهێنێت، دەڵێت هاوسەری سوڵتانەو لە هەمەدان کۆچی دوایی کردووە (1412هـ، 330/17)، لەوانەیە مێژوونووس ابن الجوزی لەوەدا بەهەڵەدا چووبێت مەبەستی سوڵتان ملکشاه بووبێت، چونکە لەپێشەوە ڕوونمان کردەوە کە زبیدة هاوسەری سوڵتان ملکشاه بوو نەك سوڵتان برکیاروق.

بارودۆخی سیاسی لە سەردەمی سوڵتان محمد بن محمود، کە ناکۆکی هەبوو لەنێوان سوڵتان محمد و سوڵتان ملکشاه، بۆیە ئەمە وای لە سوڵتان محمد کرد بیر لەوە بکاتەوە پەیوەندی دۆستانە ببەستێت لەگەڵ سەلجوقییەکانی کرمان بۆ ئەوەی بەرەیەک بۆ پشتیوانی لە کرمان دروست بکات، لە ناوەڕۆکی ئەم پەیوەندیە هاوسەرگیری سوڵتان محمدی لێ کەوتەوە لەگەڵ کچی پاشای کرمانی سەلجوقی، سوڵتان باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، بەڵام بەرژەوەندی وڵاتی لا گرنگتر بوو، بۆیە فەرمانی کرد بەوەی کە ئاهەنگێکی گەورە بۆ پێشوازی لە خاتونی کرمان سازبکرێت، کۆشک و تەلارەکان بڕازێنرێتەوە ئەمەش بەمەبەستی باشکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردووبنەماڵەی دەسەڵاتدار بوو (البنداری، 1987، ص260). لەلایەکی ترەوە سوڵتان لە (532ک/1137ز) لەگەڵ سعدةی[9] کچی مامی هاوسەرگیری کردو ئاهەنگێکی گەورەی بۆ سازکرد و دەروازەکانی بەغداد بۆ ماوەی سێ ڕۆژ داخران (ابن الجوزی، 1412هـ، 72/16).

یەکێکی دیکە لە هاوسەرگیریەکانی ناوخۆی بنەماڵەی سەلجوقییەکان، لەسەردەمی سوڵتان مسعود کوڕی محمد کوڕی ملکشاه بوو، لەو کاتەدا چەند هەڵگەڕانەوەیەک بەسەرکردایەتی أتابک قرا سنقر[10] دژی سوڵتان ڕوویدا، کە دەیانویست ملک داود لەدژی مامی هان بدەن، بۆیە بۆ هێوردکردنەوەی بارودۆخەکەو پاراستنی یەکڕیزی ناو ماڵی سەلجوقی هاوسەرگیریەکی دیکەی ناوخۆ ئەنجامدرا، ئەویش ئەوەبوو سوڵتان مسعود ملک داودی کرد بە جێنشین لە ولایەتی ئازەبیجان و کچەکەی بەناوی کوهر خاتون پێدا (الراوندی، 1960، ص328-329 ؛ ابن الاثیر، 1997، 278/9)، بەم شێوەیە سوڵتان توانیویەتی بەسەر یەکێک لە کێشە ناوخۆیەکان زاڵ بێت و لەناوی ببات، بۆیە هاوسەرگیری ناوخۆ یەکێک بووە لەو چارەسەرانەی کەکێشە ناوخۆییەکانییان پێ کۆنترۆڵکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لەم چوارچێوەیەدا سوڵتان طغرلی سێیەم هاوسەرگیری ئەنجامدا لەگەڵ خوشکی میر عزالدين حسن بن قفجاق کە میری ناوچەکانی ئازەربیجان بوو، ئەم هاوسەرگیریەش هاوسەرگیریەکی سیاسی بوو هەردوولا پێکەوە بەرەیەکیان پێکەوەنا (الحسينى، 1985، ص298)

هەرچی تایبەتە بە سوڵتانەکانی دیکە ئەوا زانیاری ئەوتۆمان لەبەردەست دا نییە کە ئایا لە ناوخۆی بنەماڵە هاوسەرگیریان ئەنجامداوە، یاخود نا.

## تەوەری دووەم/ هاوسەرگیری سوڵتانەکان لەگەڵ خیلافەتی عەباسی:

پاش ئەوەی سەلجوقییەکان جێپێی خۆیان لە بەغداد قایمکرد، پتەوکردنی پەیوەندیان لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی بە پێویست زانی، بۆ ئەوەی دان پێدانانی شەرعی وەربگرن، بۆ پتەوکردنی زیاتری ئەم پەیوەندیە و جێکردنەوەی خۆیان، هەستان بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ بنەماڵەی خەلیفە لە (448ک/1056ز) کاتێک خەلیفە قائم بأمرالله (422-467ک/1030-1074ز) داوای هاوسەرگیری لە أرسلان خاتوون [11] کچی جغری بک برای سوڵتان طغرلبک کرد، کەبە خدیجةی کچی داود میکائیل ناسرابوو (البندارى، 1987، ص12 ؛ ابن الجوزى، 1412هـ، 8/164-165).

هۆکاری ئەم هاوسەرگیریە ئەوەبوو، سوڵتان طغرلبک ئارەزووی ئەوەی هەبوو پەیوەندی نێوان سەلجوقی و بنەماڵەی عەبباسی بەهێز بکات، بۆیە لە مانگی محرمی هەمان ساڵ مارەکردنەکە ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی دیاری ناو بنکەی خیلافەت لەوانە قاضی القضاة الماوردى [12]، سەرۆکی سەرۆکەکان أبو القاسم بن مسلمة[13] (ابن الجوزى، 1412هـ، 3/16 ؛ ابن الاثير، 1997، 8/617)، سەرەڕای دیاری گرانبەها، مارەیی أرسلان خاتوون هەزار دینار بوو (ابن الجوزى، 1412هـ، 12/67 ؛ ابن الاثير، 1997، 8/160).

لەلایەکی ترەوە سوڵتان طغرلبک داوای هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کچی خەلیفە قائم بأمرالله (422-467ک/1030-1074ز )، بەڵام خەلیفە بەوە دڵگران و نارەحەت بوو، گوتی: ئەوە کارێکە لە دابونەریتی ئێمەدا نییە، دەبینین لەسەرەتادا خەلیفە ڕازی نابێت، دواتر کۆمەڵێک مەرجی دانا بۆپەکخستنی کارەکە، لەوانە ژنی پێشووی لە شاری واست مردبوو، هەندێک زەوی وزاری هەبوو، لەگەڵ سێسەد هەزار دینار بیکات بەمارەیی کچەکەو پاشانیش لەبەغدا نیشتەجێ بێت و لەوێ دەرنەچێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان لێی دوورنەکەوێتەوە، لەسەر هەندێک لەوانە ڕێکەوتن و طغرلبک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ أرسلان خاتوونی کچی براکەی و هاوسەری خەلیفە سەد هەزار دینار و شتێکی زۆری لەزێڕو زیوو کەنیزەک و شمەکی بۆنارد لەگەڵ دوو هەزارو دووسەد پارچە مرواری کێشی هەریەکەیان لەنێوان یەک بۆ سێ مسقاڵ بوو، لەگەڵ چەند دیاریەکی تریش (ابن الجوزی، 1412هـ، 16/ 67 ؛ ابن الاثیر، 1997، 177/8 ؛ ابن کثیر، 2003، 12/ 106 ابن بامخرمة، 2008، 2/ 440).

دەتوانین بڵێین ویست و ئارەزووی سوڵتان بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچی خەلیفە سنوری داب و نەریتی عەبباسی بەزاند، ئەمە کارێک بوو کەس پێشتر هەوڵی بۆ نەدابوو، سەلجوقییەکان چاویان بڕیبووە خیلافەتی عەبباسی، بەڵام پێویستیان بە مەرجی نەسەبی بنەماڵە هەبوو بەو پێیەی ئەوان عەجەمن ئەوەش بیرکردنەوەی طغرلبک بوو بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کچی خەلیفە بەو هیوایەی کوڕێکی لێی هەبێت و شەرعیەتی نەسەبی هەبێت بۆ وەرگرتنی تەختی خیلافەت (طقوش، 2009، لا318)، هەروەکو طغرلبک وتویەتی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ نەوەی پێغەمبەر (د.خ) و گەیشتن بەوەی کەس لە پاشایانی دیکە پێی نەگەیشتووە "الاتصال بهذه الجهة النبوية، وبلوغ مالم يبلغه سواي من الملوك" (البنداری، 1987، ص21).

لە سەردەمی سوڵتان ملکشاە بەهەمان شێوە هاوسەرگیری ئەنجامدراوە، لە دوای کوژرانی باوکی لە (465ک/1072ز) سوڵتان ملکشاە دەسەڵاتی سەلجوقی وەرگرت (ابن العماد الحنبلی، 1991، 376/3)، لەنێوان سوڵتان و خەلیفە المقتدی باللە (446-487ک/1074-1094) هاوسەرگیری سیاسیی ئەنجامدرا، خەلیفە کچی سوڵتان ملشکای هێنا، نوێنەری جێبەجێکردنی پرۆسەکەی (أبو إسحاق الشیرازی)[14] بوو (ابن کثیر، 2003، 15/12)، ڕوویکردە نیسابوور و بەکۆمەڵێک دیاری وبیست هەزار درهەم نظام الملك و میرەکان هاتنە پێشوازی نوێنەری خەلیفە، بەڵام هاتنی نوێنەری خەلیفە هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی دوایی کوڕی سوڵتان بەناوی (داود)، لەبەرئەوە وەڵامی ڕازی بوونی سوڵتان بەهۆی مردنی کوڕەکەی دواکەوت. أبو إسحاق الشیرازی داوای لە سوڵتان کرد وەڵامی داواکاریەکەی خەلیفە بداتەوە، ئەویش پێشنیاری بۆ کرد بابەتەکە لەگەڵ دایکی کچەکە بوروژێنێت، کە خەلیفە نیازی هاوسەرگیری هەیە لەگەڵ کچی سوڵتان، دایکی کچەکە وەڵامی دایەوە زۆر لە ئەمیرو دەسەڵاتدارەکان داوای هاوسەرگیریان کردوە هەریەکەیان چوارسەد هەزار دیناریان وەکو مارەیی داناوە ئەگەر خەلیفە ڕازیە ئەو بڕە پارەیەبدات ئەوا خەلیفە لەپێشترە بۆ ئەو هاوسەرگیریە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ابن الجوزی، 1412هـــ، 222/16 ؛ محمد ، 2016، ص140). بەم شێوەیە هاوسەرگیریەکە ئەنجامدرا.

سەرەڕای ئەمە خەلیفە المستظهر بالله (487-512ک/1094-1118ز)، هەستا بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ سیدة خاتون کچی سوڵتان ملکشاە بەمارەیی سەد هەزار دینار (الحسینی، 1985، ص171 ؛ حسن، د.ت، ص465). دوای ئەمە خەلیفە المسترشد بالله لە (518ک/1124ز) دوای داواکردنی لەلایەن چەند کەسایەتیەکەوە هاوسەرگیری ئەنجامدا بە لەگەڵ کچی سوڵتان سنجر (ابن الجوزی، 1412هـــ، 250/9)، پێدەچێت مەبەستی لەم هاوسەرگیریە باشکردنی پەیوەندی سیاسی نێوان هەردوولا بووبێت.

لەلایەک ترەوە خەلیفە المقتفی بأمرالله کۆتا خەلیفەی عەبباسیەکان بووە لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ سەلجوقییەکان، کەفاطمەی کچی سوڵتان محمد کوڕی ملکشای هێنا، هاوسەرگیریەکەی لە رجبی ساڵی (531ک/1137ز) بوو، بەمارەیی سەد هەزار دینار بە ئامادەبوونی خەلیفەو وەزیرەکەی (البنداری، 1987، ص179 ؛ ابن الاثیر، 1997، 356/8 ؛ الذهبی، 2002، 70/2 ؛ حسن، د.ت، ص465)،

لە ساڵی (534ك/ 1239ز) سوڵتان (مسعود) کوڕی سوڵتان (محمد) سەلجووقی، هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ (زبیدة خاتون) کچی خەلیفە (المقتفي لأمر الله)، (النويري،1423، ٢٨٥/٢٣ ؛ الذهبي، 1986، 212/36 )، گرێبەستی هاوسەرگیریەکە لە سەر نەختینەی سەد هەزار دینار ئەنجامدرا (الصفدي،2000، 120/14). هەروەها ابن الاثیر دەڵێت: " وعقد عليها، واستقر أن يتأخر زفافها خمس سنين لصغره" واتە: گرێبەستی هاوسەرگیریەکە کراوە" بەڵام هاوسەرگیریەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەهۆی بچوکی تەمەنی کچەکەوە دواخراوە (1997، 19/9-110)، شایانی باسە سوڵتان بەرلەوەی بگات بە دەسگیرانەکەی کۆچی دوایی کرد (الصفدي، 2000، 120/14).

## بەشی سێیەم/هاوسەرگیری سوڵتانەکان لەگەڵ هێزە موسڵمان و ناموسڵمانەکان

### تەوەری یەکەم/ هاوسەرگیری سوڵتانەکان لەگەڵ هێزە موسڵمانەکان

بێجگەلە عەبباسیەکان، سەلجوقییەکان هاوسەرگیری دیکەیان ئەنجامداوە لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکە، لەوانە غەزنەویەکان، ژمارەیەک هاوسەرگیری لەنێوان هەردوولا ئەنجامدراوە، بەرزی و نزمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارەی ئەنجامدانی هاوسەرگیری بەگوێرەی هەڵکشان و داکشان لە پەیوەندی نێوان هەردوو لا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە: لەسەردەمی سوڵتان ملکشاە سوڵتان مسعود کوڕی سوڵتان ابراهیمی غەزنەوی کچی سوڵتان ملکشای هێنا؛ کە ناوی جوهر خاتون بوو (ابن الاثیر، 1997، 148/8).

هاوسەرگیری دووەم لەگەڵ غەزنەویەکان هەندێک ناڕوونی پێوەدیارە، چونکە تەنها ئەوەندە زانیاری بەدەست دەکەوێت، کوڕێکی دیکەی سوڵتان ابراهیم غەزنەوی کچی دووەمی سوڵتان ملکشای هێناوە (الحسینی، 1985، ص123)، ئەم هاوسەرگیریانە کەشێکی سیاسی ئارامی هێناوەتە کایەوە لە نێوان هەردوو دەوڵەت.

هەروەها سەلجوقییەکان هاوسەرگیریەکان لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکە ئەنجامداوە لەوانەش قەراخانەکان[15] ، بەتایبەتی لەگەڵ قدرخان[16] خاوەنی سمرقند[17]، بۆ نموونە سوڵتان ألب أرسلان هەستا کچی قدر خانی هێنا لەبەرامبەر ئەمەشدا شمس الملک[18] هاوسەرگیری لەگەڵ کچی ألب أرسلاندا کرد، هەروەها کچی مامەکەی دا بە سوڵتان ملکشاە، هاوسەرگیری سیاسی لە نێوان قەرەخانەکانی ئەو دیو ڕووبارو سەلجوقییەکان کراوە، (ملکشاە) هاوسەرگیری لەگەڵ (ترکان خاتون) ئەنجامدا لە ساڵی (486ك/ 1093ز)، دوو کوڕی لێی بووە یەکیان بەناوی (داود) بوو هەر بە منداڵی مردووە، ئەوەی تریشیان ناوی (محمود) بووە(الراوندي، 1960، ص177؛ ابن الاثیر، 1997، ج8، ص371؛ النویري، 1423، ج26، ص323). ( لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە) (ابن الاثیر، 1997، 645/7).

لەلایەکی ترەوە لەسەردەمی سوڵتان سنجر هاوسەرگیریەکی دیکە بەدی دەکرێت، کە سوڵتان هاوسەرگیری ئەنجامداوە لەگەڵ ترکان خاتون[19] کچی أرسلان خان خاوەنی سمرقند (الحسینی، 1985، ص180).

هەروەها لەلایەکی ترەوە دەبینین لەسەرەتای سەردەمی سەلجوقی سوڵتان طغرلبک هەستاوە بە ئەنجامدانی هاوسەرگیریەک لەگەڵ کچی فەرمانڕەوای خوارزم بەڵام لەسەرچاوەکاندا ناوی کچەکە نەهاتووە ئەم هاوسەرگیریەش وەکو باش بوونی پەیوەندی نێوان هەردوولا بووە ئەمەش بەناوەندکردنی وەزیر عمید الملک الکندری و نوێنەری سوڵتانی سەلجوقی لە ناوچەکانی خوارزم (الحسینی، 1985، ص68). لەئەنجامی ئەم هاوسەرگیریە ناوچەکانی خوارزم کەوتنە دەست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەلجوقییەکان بۆیە لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سوڵتانەکانی سەلجوقی نەیانویستوە لەگەڵ خوارزم بکەونە جەنگەوە، چونکە لەگەڵ غەزنەویەکان لە ناکۆکیدا بوون.
هەر لە چوارچێوەی هاوسەرگیری کردنی سوڵتانەکان لەگەڵ خوارزم، دەبینین ألب أرسلان پێش ئەوەی ببێت بە سوڵتان و دەسەڵات وەربگرێت، بەنیازی هاوسەرگیری کردن بووە لەگەڵ کچێکی خوارزمشاه، بۆ ئەم مەبەستە وەزیرەکەی عمید الملک بۆ ئەم کارە ڕادەسپێرێت و دەیکاتە وەکیل، بەڵام عمید الملک خیانەتی لێ دەکات و هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەی خوارزمشاه دەکات، بۆیە ألب أرسلان بەمە تورە دەبێت و ڕیشی دەتاشێ و سیاسەتی بەرامبەر بە وەزیری ناوبراو دەگۆڕێت و لەشاری نیسابور بەندی دەکات، دواتر لە دەسەڵات دووریدەخاتەوە و وەزیر الطوسی لە جێگەی دادەنێت (الحسینی، 1985، ص24)، هەروەها سوڵتان طغرل کوڕی محمد هاوسەرەکەی ناوی مؤمنة خاتوون بووە کەیەکێک بوو لە کچەکانی ئەتابەکەکانی شام (الراوندی، 1960، ص409). بەڵام هیچ زانیاریەکی دیکەمان بەردەست نیە.
سوڵتان طغرل سێیەم هێرشی کردە سەر خوارزمشاه و علاء الدین تکش لە دەوربەری شاری الری و دەستی گرت بەسەر قەڵای طبرک[20]، چەندین دانوستان لەنێوان هەردوولا ئەنجامدرا بۆیە وایان پێ باش بوو کە کچی سوڵتان طغرلی سێیەم بدەن بە کوڕی خوارزمشاه بەناوی یونس خان (الراوندی، 1960، ص505).

## تەوەری دووەم/ هاوسەرگیری سوڵتانەکان لەگەڵ هێزە ناموسڵمانەکان:

وا پێدەچێت سوڵتانەکانی سەلجوقی بەلایانەوە ئاسایی بوو بێت لەگەڵ ناموسڵمانانیش هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، بۆ نموونە: سوڵتان ألب أرسلان هاوسەرگیری لەگەڵ کچی فەرمانڕەوای ئەلبانیا بەناوی غیوریک ئەنجام داوە، ئەمەش لەمیانی شەڕی ڕۆم بوو لە (456ک/1064ز) ئەم هاوسەرگیریە لە ئەنجامی ئەو شکستە دێت کە سوڵتان ڕووبەڕووی فەرمانڕەوای ناوبراوی کردبۆوە، بۆیە غیوریک داوا لە سوڵتان ألب أرسلان دەکات کە ئاگربەست بکەن لەنێوانیانداو ئەم هاوسەرگیریە سیاسیە ئەنجام بدەن (الحسینی، 1985، ص88).
ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بەردەوام بوو سوڵتان ألب أرسلان ڕووبەڕووی بقراط (419-465ک/1028-1072ز) پاشای گورجەکان کردەوەو موسڵمانەکان توانیان دەست بگرن بەسەر زۆربەی قەڵاو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شوراکانی وڵات (الحسینی، 1985، ص89-90)، بۆیە پاشای گورج ناچاربوو نامەی بۆ سوڵتان ألب أرسلان ناردو داوای ئاشتی کرد بۆ ئەم مەبەستە دیاری بۆ نارد و داوای لێبوردنی لێکرد (البنداری، 1987، ص23) ئەنجامی ئەم رووداوە ولێکنزیکبونەوەیە هاوسەرگیرکردنی سوڵتان لەگەڵ کچی بقراطی لێکەوتەوە (البنداری، 1987، ص23) بەڵام الحسینی پێی وایە کە سوڵتان لەگەڵ کچی خوشکی بقراط هاوسەرگیری ئەنجام داوە (1985، ص91). هەروەها سوڵتان داوای دایکی بقراطی کردووە بۆ نظام الملك وەزیری سوڵتان (الحسینی، 1985، ص91). بۆیە دەبنین ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە ببوونە دیاردەیەک لە سەردەمی سوڵتانەکانی سەلجوقی ئەنجامدراون.

سوڵتان ملکشاە لەلای خۆیەوە هەوڵیداوە لەگەڵ ڕۆمەکان هاوسەرگیری ئەنجام بدات، ئەوە بوو هاوسەرگیریەکی بۆ خۆی ڕێکخست لەگەڵ کچی امبراتۆری ڕۆم الکسیوس کومنینوس، بەڵام مردن ڕێگەی بە سوڵتان نەدا هاوسەرگیریەکەی ئەنجام بدات (Ali, 1981, p39). پێدەچێت ئەم هاوسەرگیریە سیاسی بێت و سوڵتان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ویستبێتی ئەم هاوسەرگیریە ئەنجام بدات، یاخود لە ترسی بەهێزبوونی ڕۆمەکان بوویێت، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم هاوسەرگیریە ئەنجام درابایە ئەوا ئاشتەوایی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەدی دەهات.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە سوڵتان طغرلی سێیەم کۆتا سوڵتانی سەلجوقییەکان پاش ئەوەی دەسەڵات وەردەگرێت، زۆربەی هێزەکانی دەوروبەر دەیانەوێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و دەسەڵاتی سەلجوقییەکان لەناوبەن، هەربۆیە اینانج خاتون[21] کچی پاشای ئەرمەن لە سوڵتان نزیک دەبێتەوە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، سەرەڕای ئەوەی دوو کوڕی هەبوو بەناوی ابراهیم و أحمد، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کوڕەکەی بێتە پاشای ئەرمەن و پاڵپشتی بۆ پەیدا بکات (الراوندی، 1960، ص471 ؛ ابن الوردی، 1996، 33/2)، بۆیە سوڵتان بەدوای اینانج خاتون دەنێرێت و سوڵتانیش دەچێت بۆ پێشوازی و دیاری و پارەیەکی زۆر لەگەڵ خۆی دەبات کە بێ سنور بووە، دواتر لەمانگی ڕەمەزان لە شاری همدان هاوسەرگیری لەگەڵ اینانج خاتون دەکات (الراوندی، 1960، ص507).

## دەرئەنجام:

1- بەدرێژایی سەردەمی سەلجوقییەکان بەحوکمی زاڵبوونی داب و نەریتی هۆزایەتی سوڵتانەکان چەندین هاوسەرگیریان لە ناوخۆی بنەماڵەی سەلجوقی ئەنجامدراوە بەتایبەتی لەگەڵ کچی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامەکانیان لە پێناو نزیکبوونەوەی زیاترو یەکگرتوویی دەسەڵاتی سیاسییان و ڕێگری لەپەرتەوازەییی و بەهێزییان بەرامبەر بە نەیارەکانیان.

2- دوای ئەوەی سولْتان طغرلبک لە (447ک/1055ز) دەچێتە ناو بەغدا و دەستداری خیلافەتی عەبباسی دەکەن، چەندین هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ خیلافەت ئەنجام دەدرێت ئەمەش لەپێناو مەرامی سیاسی سولْتان و دەست گرتن بەسەر خیلافەتدا بوو.

3- هەر لە چوارچێوەی هاوسەرگیری سولْتانەکان، هێزەکانی دەوربەر لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلام بێ بەش نەبوون لە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ سولْتانەکانی سەلجوقی، لەوانەش غەزنەوی و خوارزم و قەراخانەکان.

4- ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ هێزە ناموسڵمانەکان کارێکی ئاسایی بووە لای سولْتانەکانی سەلجوقی، بەتایبەتی لەگەڵ ڕۆمەکان.

5- رۆم و گورج و ئەرمنیش لەو هێزانە بوون کە سولْتانەکانی سەلجوقی هاوسەرگیریان لەگەڵیان ئەنجامداوە.

6- هاوسەرگیری سیاسی بەشێک بووە لە هاوسەرگیری و ژیانی کۆمەڵایەتی سولْتانەکان، چونکە دوای ڕیکەوتن زۆرجار بە هاوسەرگیری کۆتاییان بە جەنگەکانیان هێناوە، ئەمەش لە پێناو زیاتر نزیکبوونەوە و بەدیهێنانی ئاشتی بووە، جا ئەمە چ لە ئاستی ناوخۆ بێت لەناو بنەماڵەی سەلجوقی بێت یان لەسەر ئاستی دەرەوە بێت ئەم جۆرە هاوسەرگیریە گرنگی تایبەتی هەبووە لەو سەردەمە.

7- هاوسەری سولْتانەکان خاوەنی ڕێزو پێگەی تایبەت بوون، زۆرجار خاوەن سوپا بوونە و نوێنەرایەتی سولْتانی هاوسەریان کردووە لەناوچەکاندا، وخاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو بوون.

## پەڕاوێزەکان:

1-دقاق : بە مانای کەوانەی ئاسنی (القوس الحديد) دێت پیاوێکی ناوداری (تورک)ەکان بوو الاصفهانی، 2004، ص7 ؛ الحسينی، 1985، ص 1 ؛ ابن القلانسی، 1983، 213/1 ).

2-ماوراء النهر: موسڵمانەکان ئەم ناوەیان لە ناوچەکانی نێوان ڕووباری جیحون و سیحۆن نابوو، واتە سنووری نێوان هۆزە (فارس)ەکان و (تورک)ەکان، سنوری ڕۆژئاوای هەرێمی خۆراسان و خوارزم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە، زۆر شار لە خۆدەگرێت لەوانە: بخاری و سەمەرقەندو فەرغانەو ئەشروسنەو خجندە،..هتد، ( یاقوت الحموی، 1995، 45/5).

3-خاتون: وشەیەکی عەجەمیە، بە ئافرەتە خاوەن شەرەفەکان دەوترێت (آبادی، 2008، ص1193).

4-مرو: بەناوبانگترین شاری خۆراسانە و قەسەبەکەیتی وماناى ناوەکەشی بەمانای بەردی سپی دێت سی فەرسەخ لەشاری سەرخەسەوە دوورە خاکێکی بەپیتی هەیە و ئاوی لێیەلەسەردەمی عمر کوڕی الخطاب فەتح کراوە لەسەردەستی أسکندری مقدونی بنیادنراوە (المقدسی، 1991، 298/1 ؛ یاقوت الحموي، 1995، 331/5).

5-ری: شارێکی بەناوبانگە ودایکی شارەکانە و (قصبة)ی هەرێمی چیایە (یاقوت الحموی، 1995، 116/3)، و ئێستا شارێکی مێژووییە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری تاران لە وڵاتی ئێران (لسترنج، 1985، ص249).

6- ترکان خاتون: کچی طمغاج بوو، خێزانی سوڵتان ملکشاه بوو، رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ أفراسیاب پاشا، زۆر بەهەیبەت و خاوەن کەسایەتی بوو، لە کاروباری سیاسی و سەربازی وڵات بەشداری کردووە، تورکەکان لەگەڵی بوون لەکۆتایی ژیانی ژمارەیان ببووە دەهەزار تورک، پارە و موڵکی سوڵتانی دەپاراست، خاوەنی أصبهان بوو سەرپەرشتی سوپا و جەنگی کردووە، لە مانگی رەمەزانی 487ک/1094ز کۆچی دوایی کردووە (ابن الجوزی، 1412هـ، 14/17).

7- بۆ ئەم مەبەستە ترکان خاتون پێی وابوو کە ئەو لە نەسەبی پاشایانی تورکە، بۆیە خۆی بە ڕاستتر دەزانی بۆ وەرگرتنی حوکم بۆ کوڕەکەی (الحسینی، 1985، ص74).

8- مهملک خاتون: کچی سوڵتان سنجر بوو، باوکی زۆری خۆش دەویست زۆر دڵگران بوو کاتێک کۆچی دواییکرد، بەشێوەیەک لەکاتی مردنەکەی شاعیرێکی بەتەمەنی بانگ کردووە وداوای لێکردووە کە شیعری بۆ بهۆننەوە (دولتشاه، 1338، ص64-65).

9- سعدة: کچی سوڵتان برکیارق بوو، کە دەبووە کچی مامی سوڵتان مسعود، بەتەمەن بچووک بوو کاتێک هاوسەرگیری ئەنجامدا، لە هەمەدان کۆچی دواییکرد (الذهبي، 1986، 281/36).

10- قرا سنقر: یەکێک بووە لە مەمالیکەکانی سوڵتان طغرل کوڕی محمد، دەسەڵاتی زیادی کرد، بووە جێگەی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی سەلجوقی، لە 535ک/1140ز کۆچی دوایی کردووە (ابن الاثیر، 1997، 317/8).

11- أرسلان خاتوون: کچی داود کوڕی میکائیل کوڕی سەلجوق بوو، کە دەکاتە کچی برای سوڵتان طغرلبک (الحسینی، 1985، ص171).

12- الماوردی: أبو الحسن علی بن محمد بن حبیب المصری فەقێ وکەسایەتیەکی گەورەی شافعی بوو، نازناوی (قاضی القضاة)ی وەرگرت، بەهەرمگەلێکی زۆری هەیە لەوانە: ((أدب الدنیا والدین) و(الأحکام السلطانیة) و(سیاسة الملک)، لە (450ک/1058ز)کۆچی دوایی کردووە (ابن خلکان، 1994، 283/3 ؛ أبو یوسف، 1990، ص ص4-5).

13- قاسم أبن مسلمة: ناوی تەواوی علی کوڕی الحسن کوڕی أحمد کوڕی محمد کوڕی عمر کوڕی حسن، لە مانگی شعبانی 397ک/1006ز لەدایک بووە، بۆ ماوەیەک بووە وەزیری خەلیفە القائم بأمرالله، ونازناوی سەرۆکی سەرۆکەکان، شرف الوزراء، جمال الوردی، پێدابوو خاوەن ڕاو تەکبیر بوو، ناوبانگێکی باشی هەبوو (البغدادی، 1997، 182/19).

14- أبو إسحاق الشیرازی: ناوی الشیخ الامام أبو إسحاق الشیرازی لەبەغداد نیشتەجێ بوو، نازناوی جمال الدین بوو، یەکێک بوو لە پێشەوایانی مەزهەبی شافعی لە قوتابخانەی نیزامی و شێخی سەردەمەکەی بوو، چەندین دانراوی هەیە لە أصول و ناکۆکی مەزهەبی، لە بەغداد له476ک/1083ز کۆچی دواییکرد (الذهبی، 1986، 18/ 453-456).

15- قەراخانەکان: هۆزێکی تورکی بوون لە تورکستان نیشتەجێ ببون، توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر زۆربەی شارەکانی تورکستان و وڵاتی پشت ڕووبار بسەپێنن ، میرنشینێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن، توانیان بۆ ماوەی دووسەد و سی ساڵ فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانە بکەن واتە لە نێوان 315-609ک/927-1212ز دامەزرێنەکەیان بەناوی میر ستوق یان سبق بغراخان ناسرابوو کە لە 344ک/955ز کۆچی دوایی کرد (عوفی، 1333هـ، ص570 ؛ ادریس، د.ت، ص178 ؛ الداقوقی، 1993، 140/20 ؛ الطائي، 2016، ص20).

16- قدرخان: قدرخان جبریل بن عمر خاوەنی سمرقند بوو، بەڵام تەماعی ئەوەی هەبوو فراوانخوازی بکات، بۆیە بەرەو بەغدا هات و سوپایەکی زۆری لە موسڵمان و ناموسڵمان کۆ کردەوە، کە نزیکەی سەد هەزار سەرباز دەبوون، بەڵام یەکێک لەمیرەکانی سوڵتان سنجر بەناوی کندغدی بوو، هەواڵی نارد بۆ سوڵتان سنجر، سەرەڕای ئەوەی سوڵتان نەخۆش بوو بەڵام ڕووبەڕووی بووەوە و شەڕی لەگەڵدا کرد ولەئەنجامدا قدرخان شکستی هێناوله 495ک/1102ز لەسەر دەستی سوڵتان سنجر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوژرا (ابن الاثیر، 1997، 476/8-477).

17- سمرقند: شارێکە لە ئاسیای ناوەراست لە مێژووی ئیسلامیدا گرنگی تایبەتی هەبووە، سمرقند لە هەرێمی چوارەمینە ولەلایەن شمر أبو کرب دروست کراوە کە بە شمر کنت ناسرابوو، بۆیە لە زمانی عەرەبی بۆتە سمرقند (یاقوت الحموی، 1995، 248/3).

18-شمس الملك: ناوی (شمس الملك بن نصر الثاني بن طفقاج) پازدەهەمین فەرمانڕەوای قەرەخانیەکان بوو لە ساڵی (472ك/ 1080ز) کۆچی دوایی کردووە(زامباور، 1982،ص1 3).

19- ترکان خاتون: کچی أرسلان خان خاوەنی سمرقند بووە، لەهەموو سەفەر و شەڕەکان لەگەڵ سوڵتانی هاوسەری بووە، دووجاربەدیل گیراوە، جاری یەکەم لە 536ک/1141ز لەشەرێکدا بەرامبەر بە قراخطائیەکان سوڵتان بەرامبەر بە پێنج سەد هەزار دینار ئازادی کرد، جاری دووەم

20- قەڵای طبرك: قەڵایەکە لەسەر چیای جبیلە نزیک شاری الری لەلای چەپەوە چیای ری دەوری داوە، ئەم قەڵایە لەسەر دەستی سوڵتان طغرل سێیەم لە 588ک/1192ز خاپوورکرا (یاقوت الحموی، 1995،4/16).

21- اینانج خاتون: کچی أکمان پاشای ئەرمەنی بوو، لەناوچەکانی ئازەربێجان و ئەرمینیا دەستداری هەبوو، بەڵام زۆردار و دڵڕەق بوو، دوای هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ سوڵتان طغرلی سێیەم، سوڵتان لە ترسی ئەوەی پلان لەدژی دانەنێت، دادەنێت فەرمانی کرد بە کوشتنی (الراوندی، 1960، ص507 ؛ أبو الفداء، د.ت، 226/2-239 ؛ العمری، 1423هـ، 305/15).

## لیستی سەرچاوەکان:

1- ابن الاثیر، 1997، الکامل في التاریخ، تحقیق: عبدالسلام التدمری،بیروت.
2-ادریس، محمد محمود، د.ت، تاریخ العراق والمشرق الاسلامی خلال العصر السلجوقی الأول، مکتبة النهضة الشرق.
3-بارتولد، 1981م، الترکستان من الفتح العربي الی الغزو المغولی، ترجمة: صلاح عثمان هاشم، الکویت.
4- ابن بامخرمة، 2008، قلادة النحر في وفیات أعیان الدهر، دار المنهاج، جدة.
5- ابن بطوطة، د.ت، رحلة ابن بطوطة، دار الفکر.
6- البنداری، 1978، تاریخ دولة آل سلجوق، دار الآفاق الجدیدة، بیروت.
7- ابن تغری بردی،1992، النجوم الزاهرة في ملك مصر والقاهرة، تعلیق: محمد حسین شمس الدین، ط1، منشورات دار الآفاق الجدیدة، بیروت.
8- ابن الجوزی، 1412هـ، المنتظم في تاریخ الأمم والملوك، دار الکتب العلمیة، بیروت.
9- حسن، علی إبراهیم، د.ت، التاریخ الاسلامی العام، مکتبة الفلاح، الکویت.
10- الحسینی، 1985، أخبار الدولة السلجوقیة، اعتنی بتصحیحه محمد اقبال، لاهور، نشریات کلیة فنجاب.

11- الخطيب البغدادى، 1997، تاريخ بغداد، دراسة وتحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، المكتبة الشيعية.
12- الداقوقى، حسين، 1993، الحركة الفكرية في عهد الدولة القراخانية، بحث منشور في مجلة دراسات، الجامعة الادرنية، العدد2، مجلد20، عمان.
13- دولتشاه، 1338هـ، تذكرة الشعراء، طهران.
14- الذهبى، 1986، العبر في خبر من غبر، ط2، مطبعة حكومة الكويت.
15- 2002، تأريخ الإسلام، ط2، دار الكتاب العربى، بيروت.
16- الراوندى، محمد بن على بن سليمان، 1960، راحة الصدور وآية السرور، ترجمة: ابراهيم أمين الشواربى، عبدالنعيم محمد حسنين، فؤاد عبدالمعطى الصياد، مراجعة: ابراهيم أمين، تقديم: بديع محمد جمعة، وشيرين عبدالنعيم محمد حسنين، شارع الجبلاية بالأوبرا، الجزيرة، القاهرة.
17- رايس، تامارا تالبوت، 1968، السلاجقة تأريخهم و حضارتهم، ترجمة: لطفى الغورى وابراهيم الداقوقى، مطبعة الارشاد، بغداد.
18- زامباور، 1980، معجم الانساب واالاسرات الحاكمة فى التاريخ الاسلامى، ترجمة: زكى محمد حسن بك، حسن احمد محمود، دار الرائد العربي، بيروت.
19- الصفدى، 2000، الوافى بالوفيات، دار احياء التراث.
20- الصلابي، على محمد محمد، 2006، دولة السلاجقة وبروز مشروع اسلامى لمقاومة التغلغل الباطنى والغزو الصليبي، ط1، مؤسسة اقرأ للنشر والتوزيع، القاهرة.
21- الطائى، سعاد هادى حسن ارحيم، 2016، القرساخانيون دراسة في أصولهم التاريخية وعلاقاتهم السياسية ودورهم في الحياة العلمية 315-607هـ/927-1210م، دار صفحات، دمشق.
22- طقوش، محمد سهيل، 2005، تاريخ الدولة العباسية، دار النفائس، بيروت.
24- حاجى خليفة، (1941م)، كشف الظنون عن اسامى الكتب والفنون، بغداد، مكتبة المتنبى.
25- ابن العماد الحنبلى، 1986، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقيق: عبد القادر الأرناؤوط، دار ابن كثير، بيروت.
26-الجرديزي، 2006، زين الأخبار، ترجمة: عفاف السيد زيدان، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية.
27-العسيرى، 1996، موجز التاريخ الإسلامي منذ عهد آدم عليه السلام (تاريخ ما قبل الإسلام) إلى عصرنا الحاضر 1417 هـ/96 - 97 م، فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية، الرياض.
28- العمرى، 1423هـ، مسالک الأبصار في ممالک الأمصار،المجمع الثقافي، أبو ظبي.
29- عوفى، 1333هـ، لباب الالباب، تصحيحات جديدة و حواشى وتعليقات: كامل بكوتش، سعيد نفيسى، بسرمايه كتابفروشى ابن سينا، كتابخانه حاج على علمى، اسفند.
30- ابو الفداء، د.ت، المختصر في أخبار البشر، تقديم: الدكتور حسين مؤنس، تحقيق: محمد زينهم محمد عزب، الأستاذ يحيى سيد حسين، دار المعارف.
31-الفردوسى، أبوالقاسم، 1993م، الشاهنامه، ترجمة: الفتح بن على البندارى، تحقيق وترجمة: عبدالوهاب عزام، ط2، ج1، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
32- فيروز آبادى، 2008، القاموس المحيط، مراجعة: أنس محمد الشامى، زكريا جابر أحمد، دار الحديث، القاهرة.
33- قرى، الذهبية عاشور أبوبكر، 2008، إقليم ماوراء النهر في العصر السلجوقى في الفترة 429-558ك/ 1037-1162ز، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة الزقاريق.
34-القلقشندى، 1987، صبح الأعشى في صناعة الانشا، ط1، دار الفكر، دمشق.
35- ابن كثير،2003، البداية والنهاية، تحقيق : على الشيرى، ط، 1دار احياء التراث العربى، بيروت.
36- محمد، نيشتمان بشير، 2016، المصاهرات السياسية بين الخلفاء العباسين وسلاطين السلاجقة، گۆڤارى زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤايەتيەكان، بەرگى 20، ژمارە 6.
37-المقدسي، 1991، أحسن التقاسيم فى معرفة الأقاليم، مكتبة مدبولي ، القاهرة.
38- ابن الموصلايا، 2003، رسائل أمين الدولة، تحقيق: عصام عقلة، مركز زايد للتراث والتاريخ.

40- ابو النصر، محمدعبدالعظيم، 2001، السلاجقة تاريخهم السياسي والعسكرى، عين للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية.
41- النويرى، 1423هـ، نهاية الارب في فنون الادب، ط1، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة.
42-النيشابورى، 1332هـ، سلجوقنامه، چاپخانه خاور، تهران.
43- ابن الوردى، 1996، تأريخ ابن الوردى، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.
44- ياقوت الحموى، 1995، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.
45- ابو يوسف، فتحى، 1990، الماوردى عصره وفكره السياسى، القاهرة.

**سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

-46Ali, ali, 1981, A Short History of Saracens, London
-47 Sumer, faruk, 1972, Oguzlar "Tuekmenler" , Tarihleri, destanlari, Ankara

# Political Intermarriage between Seljuk's sultans with Islamic and non-Islamic forces

**Nawroz Ali Kakaameen**
Department of History, College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Nawroz.kakaameen@mhe-krg.org

**Asst. Prof. Dr. Nishtman Bashir Muhammad**
Department of History, College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Missives99@yahoo.com

***Keywords:*** *Seljuk's, Intermarriage, sultan, abbasid, force, women*

## Abstarct

In view we can see that the Islamic eras in general and the Seljuk era in particular, we see that historians paid great attention to the political and military life in that era, we do not have enough information in the sources about the intermarriages of the sultans, and this is due to the fact that the research in social life in the ages Islam was linked to a large extent with the traditions prevailing in that era, especially since those traditions were conservative with regard to personal status, including the issue of marriage.

Some intermarriages took place in that era, and the Seljuk sultans used intermarriages to assemble and hold the family, and they used it as a means of

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

reconciliation and truce between them and the other side of the prevailing forces in the region, and among those Islamic forces, and other than with the non-state forces. and it was a factor of rapprochement between the two sides and at other times a factor of dissonance and distance between them.

## الملخص

مصاهرات السلاطين السلاجقة مع القوى الإسلامية وغير الإسلامية، نظرا لعصور الإسلامية بشكل عام و العصر السلجوقي بشكل خاص نرى بأن المؤرخون اهتموا اهتماما بالغا بالحياة السياسية والعسكرية في تلك الحقبة، رغم إطالة السلاطين السلاجقة بالحكم لكن ليس لدينا معلومات كافية في المصادر حول مصاهرات السلاطين بما يكفي، ويعزي ذلك الى أن البحث في الحياة الاجتماعية في العصور الإسلامية كان مرتبطا الى حد كبير بالتقاليد السائدة في تلك الحقبة و لاسيما وأن تلك التقاليد كانت محافظة فيما يخص الأحوال الشخصية و منها مسألة الزواج.
تمت بعض المصاهرات في تلك الحقبة، و قد استخدموا السلاطين السلاجقة المصاهرات لتجميع و عقد العائلة وكانوا يستخدمونها كوسيلة للصلح و الهدنة بينهم وبين الطرف الآخر من القوى السائدة في المنطقة، مع القوى الإسلامية و القوى غير الإسلامية ، في بعض الأحيان يمكن اعتبار هذ المصاهرات مع العباسيين بالسياسية لأنها كانت على مستوى الخلفاء والسلاطين، وكان عامل تقارب بين الجانبين و في أحيان أخرى عامل تنافر و تباعد بينهم.